نێچیرڤان بارزانی بەشداری لە یادی ڕۆژی نیشتمانیی ئیماراتدا کرد

ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە 2023/12/2 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوبەی، بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادی ڕۆژی نیشتمانیی ئیماراتدا کرد.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێم ڕێوڕەسمەکە هاوکات لەگەڵ بەردەوامی کار و چالاکییەکانی کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (COP28) بە بەشداریی میوانان و ئامادەبووانی کۆنفرانس، بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە شێخ محەممەد بن زاید ئال نەهیان، سەرۆکی ئیمارات و گەلەکەی کرد و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامی بۆ خواستن.

نێچیرڤان بارزانی پێرێ پێنجشەممە لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی ئیمارات، بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی لووتکە و کردنەوەی کۆنفرانسی (COP28)دا گەیشتە دوبەی و لە پەراوێزی

ک□نفرانسه□که□دا چاوی به□ ژماره□یه□ك له□ سه□ر□ك و شا و سه□رکرده□ی و□اتان که□وت.